پرۆژەی تیشک

# مێژووی دێرینی کوردستان

## کتێبی سێیەم

فاضل قەرەداغی

2007–1428

ناوی کتێب : مێژووی دێرینی کوردستان - کتێبی سێیەم
جۆر: مێژووی کۆن
نووسەر: فاضل قەرەداغی
ساڵ: 1428 کۆچی –2007 زاینی
چاپ : یەکەم
چاپخانە : چاپو پەخشی نووسەر
ژمارەی چاپکراو: 1000
نەخشەی بەرگ و ناوەوە : نووسەر
ژمارەی سپاردن : 2006-863

ئەم کتێبە لەسەر پێگەی ئینتەرنێتی نووسەر
www.zagros.org - www.zagrosweb.org - www.zagros.ws
کتێبەکە لەسەر پێگەی پرۆژەی تیشک
www.tishkbooks.com

مافەکان پارێزراون

## ناوەرۆک(ژمارەی لاپەڕەکان هی کتێبە چاپکراوەکەن)


**پێشەکی** 7

کورتکراوەی سەرچاوەکان ......................... 10 - 9

کورتەیەك لەبارەی سەردەمە مێژووییەکانی وڵاتی دووروبارەوە 15 - 11

**یەکەم – نووسینەکان**

ئـورزانــا.. کۆنە پادشایەکی ناوچەی ڕەواندوز .............. 40 - 19

دایـائوککــو .................... 72 - 67

خـارخـار .................... 84 - 73

وڵاتەکانی دەوروبەری ئێلامونیا .................... 94-85

وڵاتی ئوللوبا و نەخشەکەی ملامێرگی .................. 108 - 95

نەخشەیەکی جوگرافیی کۆن لە (نوزی)یەوە .............. 152 - 143

**دووەم - وەرگێڕانەکان**

میلی کێـلە شیــن .. لە ناوچەی ڕەواندوز – شنۆ
لە فەڕەنسییەوە ......................... 66 - 41

شـار و وڵاتــی ئالزی لەکوردستانی باکوور
لە ئەڵمانییەوە ........................... 118 - 109

ڕۆژژمێری بەکراوا
لە فەڕەنسییەوە ......................... 142 - 119

لەبارەی گەلو شارەکانی وڵاتی (ماننا)وە..(لە کوردستانی ئێران)
لە ئەڵمانییەوە ......................... 176 - 153

پێڕستی ناوەکان ......................... 198 177


### پرۆژەی تیشك و ((لێكۆڵینەوەی كوردی))

هەرچەندە پرۆژەی تیشك بە وەڵامدانەوەی هەندێ كتێب دەستی پێكردبوو بەڵام ئەو ئامانجەش لەبەرچاودایە كە یەكێك لەو بوارانەی پرۆژەكە پێویستە كاریان تێدا بكات ئەو بوارەیە كە ناوی دەنێین ((لێكۆڵینەوەی كوردی)) و كە مێژووی كوردستان و كورد و ئەدەبی كوردی و زمانی كوردی... دەگرێتەوە. ئەم كتێبەش (مێژووی دێرینی كوردستان – كتێبی سێیەم) یەكێكە لە بەرهەمەكانی پرۆژەكە لەو بوارەدا و لە داهاتوودا بەرهەمی تر دەخەینە بەردەستی خوێنەر.

بسم اللّه الرحمن الرحيم

## پێشەکی

کتێبی سێیەمی (مێژووی دێرینی کوردستان) کە دەیخەمە بەردەستی خوێنەر لە دوو بەش پێکهاتووە: بەشی نووسینەکان، بەشی وەرگێڕان.

بەشی زۆری بابەتەکان سەر بە هەزاری یەکەمی پێش زاینن، بەڵام بەپێویستم زانی ئەو کورتەیەی لە کتێبی یەکەمدا لەبارەی سەردەمە کۆنەکانی کوردستانو وڵاتی دووڕووبار نووسیبووم دابنێمەوە، هەرچەندە هەزاری یەکەم تەنها بەشێکی ئەو سەردەمانەی دەگرتەوە.

بێگومان ئەو بابەتانە کە لەم کتێبەدا بڵاوکراونەتەوە کەمێك جیاوازییان هەیە لەگەڵ ئەو کاتەی لەو گۆڤارانەدا بڵاوکرابوونەوە چونکە بە زیادکردنو کەمکردنو چاککردن دەستکارییان کراوە

هەرچەندە بەشێکی تری پێشەکیی کتێبی یەکەم، واتە تێبینییەکان سەبارەت بە نووسینی مێخی گرنگن بەڵام دامنەنایەوەو خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ کتێبی یەکەم. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تێبینییە سەبارەت بە ناوە کۆنەکان دەخەمە ڕوو:

لە نووسینە کوردییەکە جیامنەکردۆتەوە لەنێوان (ئا)و (ئە)و لەنێوان (یٚ)و (یٚ)ی درێژ، کەمجاریش لەنێوان (و)ی کورتو (و)ی درێژ لەکاتێکدا ئەم جیاکردنەوەیە لە نووسینە لاتینییەکە کراوە مەگەر لەبیرچوون یان هەڵەی چاپ نەیانهێشتبێت. (ئا)ی درێژیش لەو نووسینە لاتینییە بە دوو جۆر تەعبیری لێدەکرێت: â و ā ، بۆ (و)ی درێژیش: û و ū ، بۆ (یٚ)ی درێژیش: êو ē .

## وەرتکراوەی سەرچاوەکان

***AASOR VIII***: E.A.Speiser, Southern Kurdistan in the Annals of Ashurnasirpal and Today, in; Annuals of the American Schools of Oriental Research, VIII, 1928.
***AJSL:*** American Journal of Semitic Languages and Literatures.
***AKA***: E.A.Wallas Budge, L.W.King: Annals of Kings of Assyria, vol.1, London, 1902.
***ARAB***: D.D.Luckenbill, Ancient Records of Assyria and Babylonia, Chicago, 1-2, 1926-1927.
***ARI***: A.K.Grayson, Assyrian Royal Inscriptions, 1-2, 1972-1976.
***BA:*** Beiträge zur Assyriologie und semitischen Sprachwissenschaft.
***BASOR*** :Bulletin of the American Schools of Oriental Research
***EhS***: I.Wegner,Einführung in die hurritischen Sprache, Wiesbaden, 2000.
***HS*** : I.J.Gelb, Hurrians and Subarians, Chicago, 1944.
***HSS***: Harvard Semitic Series.
***JNES***: Journal of Near Eastern Studies.
***Labat***: René Labat, Manuel d'épigraphie akkadienne, 5ième ed., 1976.
***Nomades***: J-R.Kupper, Les nomades en Mésopotamie au temps des rois de Mari, Paris, 1957.
***Parpola:*** Simo Parpola, State Archives of Assyria, Vol.1, 1987.
***RA***: Revue d'assyriologie et d'archéologie orientale.
***RLA***: Reallexikon der Assyriologie.
***Streck***: M.Streck, Das Gebiet der heutigen Landschaften Armenien, Kurdistân, und Westpersien nach den babylonisch-assyrischen Keilinschriften, in; ZA, 15, 1900.
***Suleimania***: A.Billerbeck, Das Sandschak Suleimania und dessen persische Nachbarlandschaften zur babylonischen und assyrischen Zeit, Leipzig, 1898.
***ZA***: Zeitschrift für Assyriologie und verwandete Gebiete.

## کورتەیەك لەبارەی سەردەمە مێژووییەکانی وڵاتی دووڕوبارەوە[1]

مێژووی کۆنی کوردستانو وڵاتی دووڕوبار[2] تا ڕادەیەکی گەورە تێکەڵ بە یەکنو جگە لە پەیوەندییەکانی جەنگو ئاشتیو بازرگانی.. لەنێوانیاندا، نووسراوەکانی وڵاتی دووڕوبار سەرچاوەی زۆربەی هەرە زۆری زانیارییەکانمانن لەبارەی ئەو مێژووەوە، لەبەر ئەوە ناسینی سەردەمەکانی وڵاتی دووڕوبار زۆر پێویستە بۆ دروستبوونی وێنەیەکی ڕوون بۆ خوێنەری ئەم کتێبەو هەر نووسینێکی هاوچەشنی تر. دیارە لێرەشدا دەتوانم تەنها زۆر بەکورتی ئاماژە بۆ ئەو سەردەمانە بکەم، هەروەها تەنها سەردەمە مێژووییەکان دەژمێرم لەبەر ئەوەی ئەوان بۆ مەبەستەکانی ئەم کتێبە گرنگن.

ئەو سەردەمانەی کۆنترن ژمارەی ساڵەکانیان تەقریبییە ، کۆنترین ژمارەی وردیش کە زانرابوو ساڵی (763 پ.ز) بوو ئەویش بەهۆی باسکردنی ڕووداوی ڕۆژگیران لەلایەن ئاشوورییەکانەوە، پاشان بە حسابکردنی ساڵەکانی حوکمی پادشا ئاشوورییەکان کە لە دەقەکاندا هاتوون پسپۆڕان توانییان ساڵەکانی پادشا پێشووەکانی ئاشور تا ساڵی 1700 بزانن . بەڵام ئەم حسابە وردە زەحمەتە بۆ پادشایانی پێشتری سومەرو ئەکەدو بابلو ئاشور بۆیە پسپۆڕان مێژووی جیاوازیان هەیە کە لەم کتێبەدا ئەو مێژوودانانە وەرگیراوە کە پێی دەوترێت مێژوودانانی ناوەڕاست **Middle Chronology** و کە تێیدا ساڵەکانی حوکمی حامورابی بە 1792 تا 1750 پ.ز دانراوە، ئەم مێژوودانانەش جێگەی قبووڵی پسپۆڕانی زۆرە.

1-سەردەمی گزنگی بنەماڵەکان یاخود سەردەمی کۆنی بنەماڵەکان **Early Dynastic Period** (عصر فجر السلالات): دەوروبەری 2900 یاخود 2800 پێش زایین تاکو دەوروبەری 2371 پێش زایینی خایاند. ژمارەیەك شار لە باشوورو ناوەڕاستی وڵاتی دووڕوبار هەریەکەیان دەوڵەتێکی بۆ خۆی پێکهێنابوو، بە زۆری ئەمانە سومەری بوون.

2-سەردەمی ئەکەدی: شارروکین (سارگۆن)ی ئەکەدی دەوڵەتی یەکگرتووی وڵاتی دووڕوبار پاشان ئیمپراتۆریەتی ئەکەدیی پێکهێنا. بنەماڵەی سارگۆن لە 2371 تا 2230 پ.ز حوکمی کرد پاشان ژمارەیەك پادشا هاتن بەر لە پەلاماری گوتی. زمانی ئەکەدی دەبێتە زمانێکی جیهانی بۆ نووسینو تا دوایەمین سەردەم مایەوە، بێگومان گۆڕانکاری بەسەردا هاتبوو. جگە لە سارگۆنی دامەزرێنەر؛ نارام سین پادشای دەرکەوتووی ئەو بنەماڵەیە بوو.

3-ماوەی فەرمانڕەوایی گوتی: (125) یان (91) ساڵ پاش سەردەمی ئەکەدی بوو، ڕەنگە کەمتریش لەوە دەسەڵاتیان لە وڵاتی دووڕوباردا هەبووبێت.

4-بنەماڵەی سێیەمی ئور(2112-2004 پ.ز): (ئوتوخێگال)ی شاری (ئوروك)ی سومەری بۆ حەوت ساڵو نیو پاش شۆڕشێك دژی گوتییەکان حوکمی کرد ئینجا بنەماڵەی سێیەمی شاری (ئور)ی سومەری دەوڵەتی یەکگرتووی وڵاتی دووڕوبار دامەزراندەوە بەڵام دەسەڵاتەکەی زۆر لە هی دەوڵەتی ئەکەدی کەمتر بوو. پێش کۆتایی بنەماڵەکەو دوای ئەوە شاڵاوی ئامورییەکان ڕووی کردە وڵاتی دووڕوبار و توانی پاش ماوەیەك پێکهاتەی دانیشتوان بگۆڕێت.

---

[1] ئەم لە کتێبی یەکەمدا هەیەو لەبەر ئەهەمیەتی بۆ تێگەشتن لەو مێژووە لەم کتێبەدا دووبارەم کردەوە.

[2] بەناچاری ئەم جیاکردنەوەیەم لەنێوان "کوردستان"و "وڵاتی دووڕوبار" کردووە کە ئەمە جیاکردنەوەیەکی ڕاست نییە چونکە بەشێکی کوردستان دەکەوێتە ناو وڵاتی نێوان دووڕوبار، دیجلەو فوراتیش جگەلەوەی بەخۆیان و لقەکانیانەوە لەکوردستانەوە هەڵدەقوڵێن کوردستان بەشێکی ئەو زەوییانە پێکدەهێنێت کە بەناویاندا دەڕۆن.

بنەماڵەکەی ئور لە سێ لاوە کێشەی هەبوو: باکوورو باکووری ڕۆژهەلات (کوردستان)، ڕۆژئاوا (ئامورییەکان)، ڕۆژهەلات ولاتی (ئێلام) کە لەگەڵ ولاتی (سو) کۆتاییان بە فەرمانڕەوایی بنەماڵەکە هێنا.

5-سەردەمی بابلیی کۆن (2004-1595 پ.ز): بەشی یەکەمی سەردەمەکە بە سەردەمی ئیسن-لارسا ناسراوە. وەکو سەردەمی گزنگی بنەماڵەکانیش ژمارەیەك ((شار-دەوڵەت)) پێکهێنران تا حامورابی (1795-1750پ.ز) دەوڵەتی یەکگرتووی دامەزراند. پادشاکانی ئەو دەوڵەتانەش بەزۆری ئاموری بوون. لەو سەردەمەدا سومەرییەکان بۆ تا هەتا دەوری سیاسییان نامێنێتو بەرەبەرە وەکو نەتەوە دەتوێنەوە بەلام بایەخێکی زۆر بە زمانەکەیانو بەرهەمی نووسراویان دەدرێت. تا سەرەتای سەدەی یەکەمی زاینی زمانەکەیان لەناو کاهنەکاندا هەبووەو زانراوبوو.

6-سەردەمی بابلیی ناوەڕاست (1595-626پ.ز): خاتتییەکان لە ئەنادۆڵەوە هێرش دەبەنو شاری بابل دەگرنو کۆتایی بە بنەماڵەکەی شارەکە دەهێنن بەلام زوو پاشەکشە دەکەنو کاشییەکان ولاتی بابلیان دەکەوێتە دەستو بۆ نزیکەی چوار سەدە حوکمی ولاتی دووڕووبار دەکەن ، بەلام پێویستە ماوەی چەند پادشایەکی یەکەمی کاشیی لێ دەرچێت کە هێشتا بابلیان نەگرتبوو هەروەها لە بەشی زۆری سەردەمەکان ئاشوریان لەژێر دەستدا نەبوو. بۆ ماوەیەکیش ئاشور بابلی گرتبوو بەلام کۆتایی حوکمی کاشییەکان لەسەر دەستی ئێلامییەکان بوو. هەر زووش ئێلامییەکان دەرکرانو ژمارەیەك بنەماڵە دامەزران کە ئاشورییەکان لەو سەردەمەدا بۆ ماوەیەك ولاتی بابلیان گرتبوو. لە سەدەی (11 پ.ز)شدا شالاوی ئارامییەکان ڕووی کردە ناوەڕاستو باشووری ولاتی دووڕووبارو ئەوان توانییان پێکهاتی دانیشتوان لە ولاتی بابلدا بگۆڕن.

7-سەردەمی بابلیی نوێ 626-539[3]: پاش ماوەیەکی زۆر لەحوکمی ئاشوری بابل سەربەخۆ بووەوەو پێکەوە لەگەڵ مادەکان کۆتاییان بە دەوڵەتی ئاشور هێنا. پادشای دیاری ئەو سەردەمەش نەبوخەدنەسەری دووەم (نابو کودورری ئوصور) بوو.

ساڵی 539 پ.ز ولاتی بابل کەوتە دەستی هەخامەنشییەکانو تا 331 پ.ز لەژێردەستیاندا مایەوەو لەوە بەدواوە دەکەوێتە ژێر دەستی ئەسکەندەری مەکدۆنیو جێنشینەکانی. لەکاتی هەخامەنشییەکانیش بە دواوە چیتر پادشایەکی خۆماڵی حوکمی ولاتی دووڕووبار نەکردو کۆتایی بە سەربەخۆیی سیاسیو شارستانیی ولاتەکە هات.

سەبارەت بە ئاشورییەکانیش سەردەمەکانیان بەهەمان جۆر سێ سەردەمن:

1-سەردەمی ئاشوریی کۆن (دەوروبەری 2000 -دەوروبەری 1500): دەوڵەتی دیاری ئەو سەردەمە ئەوەی شامشی ئادادای یەکەم (1813-1781پ.ز) پێکیهێنابوو.

2-سەردەمی ئاشوریی ناوەڕاست (1500 - 911): لەسەدەی (15)دا ئاشور بۆ نزیکەی سەدەو نیوێك کەوتە دەستی میتانییەکان، پاشان لەسەردەستی ئاشور ئوبالیطی یەکەم (1365-1330) سەربەخۆ بوو. ئەو سەردەمە پادشای بەهێزو لاوازی بە خۆوە دی.

3-سەردەمی ئاشوریی نوێ (911-612 پ.ز): ئەو سەردەمە ئەوپەڕی فراوانکاریی ئاشورییەکانی بەخۆوە بینی. ساڵی (612) دا مادەکانو بابلییەکان نەینەوا(ڕاستتر: نینوا)یان گرتو چیتر ئاشورییەکان پاش ئەوە دەرنەکەوتنەوە.

## کوردستانو سەردەمەکانی

لەبەر ئەوەی پەرتەوازەیی بەسەر کوردستاندا زاڵ بوو ئەویش بەزۆری بەهۆی ئەوەی ولاتێکی شاخاوییە ، دەوڵەت ناناسین جگە لە هی مادەکانو پێشتر هی میتاننییەکان توانیبێتی کوردستان یان بەشێکی گەورەی لەخۆ بگرێت.

---

[3] لەچاپی یەکەمی کتێبی یەکەم نووسراوە (کۆن)، ئەمەش هەڵەی کاتی هەڵەچنییە .

ئەگەرێکی بەهێزیشە دەوڵەتی وا پێش ئەمانە هەبووبن (ڕەنگە بتوانین "خامازی" بژمێرین) بەڵام جگە لەوەی شتێکی ئەکیدمان لەم بارەیەوە نییە، پێدەچێت دەوڵەتی سەرتاسەری ئەگەر هەبووبێت تەمەنی کورت بووبێت لەکاتێکدا دەوڵەتە ناوچەییەکان، هەر وەك ئەمارەتەکانی سەردەمە ئیسلامییەکان، تەمەنیان درێژتر بووەو تەنانەت بۆی هەیە دەوڵەتی لەم جۆرە سەدان ساڵ ژیابێت. لەبەر ئەمە ناتوانرێت سەردەمەکان بەو شێوەیەی بابل‌و ئاشور جیابکرێنەوە بەڵکو دەتوانرێت پۆلێنی تر بکرێت وەکو ئەمەی خوارەوە:

1-سەردەمی گروپی یەکەمی گەلانی کۆنی کوردستان: لوللوییەکان (ناوچەی سلێمانی‌و شارەزوورو دەوروبەریان)و گوتییەکان (باشوورتر لەوان، ڕەنگە ڕۆژئاوا ... ئەمە ئەکید نییە) کاشییەکان (ناوچەی لوڕستان)، خوررییەکان (سەرەتا کوردستانی باکوورو پاشان گەشتنە زێی دوکان هەروەها گەشتنە کەرکوك‌و دەوروبەری)... کە ئەمانە گەلانی سەرەکی بوون ، پێش ئەوانیش نازانرێت کێ لە کوردستاندا دەژیا. سەبارەت بە سوبارییەکانیش کێشەیەکی کۆن هەیە کە ئایا گەلێکی سەربەخۆ بوون یان نا.

2-سەردەمی گرووپی دووەمی گەلانی کۆنی کوردستان: باوەڕێك هەبووە کە لە دەوروبەری 2000 پێش زایین کۆچی گەلانی هیندوئەوروپایی (یان ڕاستتر شاڵاوی یەکەمیان) ڕووی کردە کوردستان‌و ئێران‌و ئاسیای بچووك بەڵام کاری ئەوانە لەسەر گرووپی یەکەم زۆر درەنگ دەستی پێکرد؛ پێدەچێت پاش (612پ.ز)، واتە پاش هەرەسی دەوڵەتی ئاشورو گرتنی کوردستان لەلایەن مادەکانەوە، بەڵام بەڵگەشمان هەیە لەسەر ئەوەی زووتر لەمە، واتە پێش نزیکەی دوو یان سێ سەدە، کاریان کردبووە سەر گرووپی یەکەم.

کوردیش بەشێوەیەکی گشتی لە تێکەڵەی ئەم دوو گرووپە دروست بووە. تا ئێستاش ژمارەیەك وشەی گرووپی یەکەم کە زمانەکانی هیندوئەوروپایی نین (سەر بە هیچ کۆمەڵەیەکی زمانی تری ناسراویش نین) لەناو زمانی کوردیدا، کە زمانێکی هیندوئەوروپاییە، ماوە.

پاش تێکەڵبوونی مادەکان‌و گەلانی کۆنتر دیار نییە ئەگەر هیچ گەلێکی نوێتر توانیبێتی کار بکاتە سەر ئەو تێکەڵەیە. هێندەی بشزانم تا ئەم کاتە لێکۆڵینەوە نییە سەبارەت بە کاری ئەشکانییەکان‌و پاشان ساسانییەکان لەسەر زمانی کوردی.


پیر حسێز
دیاربەکر
ماردین
تورکێش
شاغربازار
جەبەل سیگۆشەی
خابووری فورات
حەڕان
گردی براك
خابووری فورات
تیرقا
ماری
ڕووباری فورات
زاخو
شانەدەر
دور-شارروکین
نینوا
کالحو
مووسڵ
هەولێر
ئاشور
ڕووباری دیجلە
شمشارە
پردێ
کەرکووك
نوزی
چەرمو
داقووق
سامەڕا
عوزێم
سیروان-دیاڵە
کەلار
بێلوولە
سەرپێل زەهاو
خانەقین
هەڵەبجە
کرماشان
مەهابا د
سەقز
ورمێ
ئێشنونا
بەغداد
خەفاجی
دور-کوریگالزو
سیپپار
ئــــەکــــەد
دێر
گودوئا
کیش
بابل
نیپپور
کووت
سوسە
عەمارە
دریهم
سـومـــەر
نوممانا
ئیسین
لاگاش
لارسا
ناصریە
ئور
ئێریدو
بەصرە
280km
120
80
40

